حیاتی رشار ختور ئەتدمات

٢٠١٠/١٠/١٨

نهێنی

## پرۆژە یاسای

## (ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان-عێراق)

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لە زاراوەکانی خوارەوە بەو شێوەیەیە کە لە بەرامبەریان ڕوونکراوەتەوە:

١) هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

٢) سەرۆکی هەرێم: سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق.

٣) ئەنجومەن: ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان– عێراق.

٤) ڕاوێژکار: ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان– عێراق.

٥) ئاسایشی هەرێم: پاراستنی هەرێمی کوردستان– عێراق لە هەڕەشەی دەرەکی و ناوەکی.

**ماددەی دووەم:**

یەکەم: ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێکدێت لە:

١) دەزگای ئاسایشی هەرێم.

٢) بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری سەربازی.

٣) ئاژانسی پاراستن و زانیاری.

دووەم: ئەنجومەن لە ڕێی ڕێکخستن و پلاندانانی سیاسەتێکی یەکخراوەیی تەناھییەوە هەماهەنگی لە نێوان سەرجەم دەزگا پەیوەندیدارەکان ساز دەکات و پەیوەستە بەسەرۆکی هەرێمەوە.

۲۰۱۰/۱۰/۱۸

نهێــــنی

**ماددەی سێیەم:**

ئامانج لەم یاسایە بریتییە لە بنیاتنان وداڕشتنی بنچینەکانی ئاسایشی هەرێم لە ڕێگای:

١) دابین کردنی ئاسایش و سەقامگیری لە هەرێم.

٢) پاراستنی بنچینە و پرنسیپە دەستووری و یاساییەکانی هەرێم.

٣) کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیاری و هەڵسەنگاندنی هەر هەڕەشەیەك لەسەر ئاسایشی هەرێم.

٤) گۆڕینەوەی زانیاری لە نێوان دەزگای تایبەتمەند لە هەرێم و حکومەتی فیدراڵ.

٥) ئاڵوگۆڕی تۆمەتبار و تاوانباران و ڕادەستکردنی بۆزەکانیان لە نێوان دەزگا تەناهییەکانی فیدراڵی و هەرێم بە گوێرەی میکانیزمێك کە بە پەیڕەو (نظام) دیاریدەکرێت.

٦) پاراستنی ئاسایشی ئابووری هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان.

٧) پاراستنی ئاسایشی هەرێم لە بواری تاوانی سەخت، تاوانی ڕێکخراو، ماددەی هۆشبەر، ساختەکاری لە دراودا، گەندەڵی کارگێڕیی و دارایی ، شتنەوەی پارە بە گوێرەی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم.

٨) پاراستنی سیستمی زانیاری هەرێم.

٩) نەهێشتنی تیرۆریزم بە گوێرەی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم.

١٠) نەهێشتنی سیخوڕیی بە گوێرەی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم.

١١) پاراستنی ئاسایشی گەیاندن.

١٢)پاراستنی ئاسایشی فڕۆکەخانەکان و دەروازە سنووریەکانی هەرێم.

١٣)هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان بۆ پاراستنی ئاسایشی کەسانی فەرمی لە کاتی پێویستدا.

١٤)بەدواداچوونی کاروباری پەنابەر و ئاوارەو ئەو بیانیانەی لە هەرێم نیشتەجێن بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان.

١٥)پاراستنی ئاسایشی خۆراکی وتەندروستی لە هەرێمدا بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان.

١٦)پاراستنی ئاسایشی ووزە و دەزگا ژیارییەکان.

١٧)هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان بۆ پاراستنی ئاسایشی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و نێردە دیبلۆماسیەکان و کونسلگەرییەکان لە هەرێم.

١٨)دابینکردنی ئاسایشی بارەگا و پێکهاتەکانی پێشمەرگە و کۆکردنەوەی زانیارییەکانی هەواڵگری و مەیدانی و ستراتیژی و هەڵسەنگاندنیان.

**ماددەی چوارەم:**

١) ئەنجومەن ڕاوێژکارێکی هەیە کە لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە بە پلەی وەزیر دادەمەزرێت، و سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی و هەماهەنگی نێوان دەزگاکانی سەر بە ئەنجومەنەکە ئەنجام دەدات. وە هەروەها ڕاوێژکار جێگرێکی دەبێت بۆ هاوکاری و ڕاپەڕاندنی کارەکانی بە پێی ئەو دەسەڵاتانەی پێیدەدرێت.

٢) بەرپرسی دەزگاکانی ماددەی دووەمی ئەم یاسایە ئەندامن لە ئەنجومەنەکەدا، سەرۆکی هەرێم دەتوانێت کەس یان دەزگای تر بە گوێرەی پێداویستیەکانی ئەناھیی بۆ ئەنجومەن زیاد بکات یان بانگهێشت بکات.

٣) دابینکردنی بوودجەیەك لە بوودجەی گشتی هەرێم بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم.

**ماددەی پێنجەم:**

١) ئەنجومەن ڕێوشوێن و ڕێساکانی ڕەفتاری ئەناھیی، مەشقی پسپۆڕیی بۆ کادیرەکانی دادەڕێژێت.

٢) کار و پەیکەربەندی ئەو دەزگایانەی لە ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا ناویان هاتووە بە پەیڕەوێك یان یاسایەك بە گوێرەی پەیوەندی دەزگاکە بە لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە ڕێکدەخرێت.

٣) ئەرك و ماف و دیسپلینی ئەفسەر و کارمەندانی کە لە ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا ناویان هاتووە بە یاسایەکی تایبەت ڕێکدەخرێت.